

# کوردستان نیت مان پیرۆز بێت

## جەزا چنگیانی

یادتت بە گوڵ و ماچ دەکەینەوە . گوڵێك بۆ تەوێڵی مێژوویەکی زێڕین و ڕەچەشکێن.چەپکە ماچێك بۆ توانای ماندوو نەناسی کاك عومەر فارس و سەرجەم ئەندامانی خێزانە ئارامەکەی بەرامبەر هەڵگرتنی ئەرکی بەگەڕخستنی حەوت ساڵ کوردستان نیت .هیچ شتێ لە هەڵوێستی جوان بەرامبەر مرۆ جوانتر نیە . چ شتێ بۆ مرۆڤ لە ئازادی بەکەڵکترە ؟ کوردستان نێت و گشت هاوکاران و ماڵپەڕە ئازادە ئازیزەکانی تری کوردی گشتی گوڵن . مامۆستای کۆمەڵگایەکن کە لە بەر کۆمەڵە هەرشەیەکی زۆر بڤە بەرامبەر بە میللەتەکەمان وەستاون . ئەمە نەگبەتی نیە کۆمەڵگایەك جڵەوی بداتە دەست کۆمەڵە کەسانێکی سیاسی پڕێمتیف . نەگبەتی ئەوەیە دەنگی ئۆپۆزسۆین نەبێ . ئێوە ( کوردستان نیت ) و گشت ماڵپەڕە ئازیزەکانی تری کوردی مامۆستای ئەو دەسەڵاتانەن کە نازانن زمانی دیالۆگ بەکاربهێنن ئێوە فیریاندەکەن دیموکراتی و پەرلەمان بێ ئۆپۆزسۆین یانی مەزەدخانە . لە سیبەری باڵای هەڵویستانەوە وا کەمێك دەسەڵاتی پریمتیفی کوردی چەماوەتەوە . دەزانن دەسەڵاتێکی تر لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئەوانەوە هەیە کە ئەویش (کوردستان نیت ) و ماڵپەڕەکانی ترە . ئێوە دەستان بە باڵای هەزارەها چرۆی تواناکانەوە گرتووە ...چەندەها ڕۆژنامەنووس و نوسەر لە قوتابخانەی ئێوەوە بوون بە گوڵ .

کاکە عومەر ڕۆژگار دەست بە باڵا و توانەتەوە بگرێت . لە یادی حەوت ساڵەی کوردستان نیت ەوە.... پێتان دەبێژم ئێوە بوون بە خاوەنی مێژوویەك . کە پێدەبێژرێت سەرتای ( ئازادی ) .

سان پیترسبۆرگ 11/08/2005

jazachingiani@hotmail.com

www.chingiani.de